وێنەیەکی تەرجەمەکراوی
دەقە عەرەبییەکەیە

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی – عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: 23**
**رۆژی دەرهێنان: 2003/10/19**

**پشت بە حوکمی برگە (1)ی ماددەی (56)وماددەی(53) لە یاســای ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی (1992) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی وئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق لە دانیشتنی ژمارە(36)ی رۆژی (2003/10/18)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەلاتەش کە برگە(3)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(10)ی ساڵی 1997 پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:**

## یاسای ژمارە( 23 )ی ساڵی/2003
## یاسای دەرماڵەی منداڵبوون و دایکایەتی

**ماددەی یەکەم:**

**ئەو ئافرەتەی لە ئیجازەی منداڵبووندا یان لە ئیجازەی دایکایەتیدابێت، بە درێژایی ماوەی ئیجازەکەی مووچەو دەرماڵەی تەواوی پێ دەدرێت.**

**ماددەی دووەم:**

**هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەرکار.**

**ماددەی سێیەم:**

**پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخاتە بەرکار.**

**ماددەی چوارەم:**

**ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار.**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عیراق**